# ئەو سیناریۆیەی که رۆژانه دووباره دەبێتەوه

**ئاوات حسين قادر***



مرۆڤ که له رێخکراوه جەماوەرییەکان کاردەکات بە هوو توێژەکانیانەوە، داواو داخوازی تایبەت و کێشە و گرفتی سنورداریان هەیە کە هەر توێژێك لەگەڵ ئەویتر جودایە و رێگای دەستە بەرکردنیشت جیایە. ئافرەت کێشەو گرفتی تایبەت، لاوان و قوتابیان و جوتیاران و کرێکاران.. هتد. گشتیان گرفت و کێشە و داخوازی تایبەت و سنوردار، رێکخراوەکانی تایبەت بەکەمئەندامانو مرۆڤە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکانیش نامۆنین لەناو ئەو کۆمەڵگایە ئەوانیش بێ شك داخوازی و کێشەو گرفتی زەقتریان هەیە لە مرۆڤە ئاسایەکان، کێشەی مرۆڤە نائاساییەکان (کەبەمرۆڤە خاوەن پێداویستیەکانم ئاماژە پێکرد) سەرەرای ئەوەی کێشەی خودی کەمئەندانەکەیە، بەڵام کێشەیەکی گەورەو بەردەوامیشە بۆ گشت ئەندامانی خێزانەکە کەوەك سیناریۆیەك هەموو رۆژێك و هەموو ساتێك دوویات دەبێتەوە و جۆرە رۆتینێك لەناو خێزانەکە دروست دەکات کە کار دەکاتە ژیانی رۆژانە یان بگرە کار دەکاتە سەرجەم جموجۆل و چالاکیەکانی ئەندامانی کەم خێزان ئەگەر جۆرە لێگونجانێکی تێدا نەبێت بەنەگەتیف کاردەکاتە باری دەرونی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی کەم ئەندامە و ئەمەو ئەم سیناریۆیە بەردەوامەش لە رێگای نوێنەر و بەخێوکەر و کەمئەندام بەکەم و بە زۆر دەگاتە بەردەرگای ئەو رێکخراوەی کە تایبەتمەندە بەم کەمئەندامەو لە رێگای رێکخراوەکەی کاردەکاتە سەر باری دەرونی ئەو خۆبەخشکەرانەی کە کارو چالاکیەکانی ئەم رێکخراوە ئەنجامدەدەن و بەرێوەی دەبەن له لوتکەی بەرپرس تا دەگاتە ئەو بەری دەستەی کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات لە بارەگاکە فیت کە رۆڵێکی تایبەتیم هەیە له رێکخراوەکەم که کارگێرم تێدا کە خۆی لە ساڵ زیاتر دەداتە سیناریۆیەك له بەرچاون که رۆژانە دوویات دەبێتەوە کە خۆی لە دەربرینی گرفت و کێشەکان و داخوازیە بە پەلەکانی دەبینێتەوە کە بریتین لەم پرسیارانە کە وەڵامەکانیان لای بەرپرسان و کاربەدەستانە رۆڵی ئێمە تەنها گەیاندنی داخوازی و کێشەو گرفتەکانە بەلایەنی پەیوەندیدار کە ئێمەی خۆبەخشکەر کۆمەڵەکەو خۆمان تەرخان کردووە بۆ بەدیهێنانیان و سووربووم لەسەری سیناریۆ رۆژانەکەش خۆی لەم پرسیارانە دەگرێتەوە: کەی مووچەیەکی شیاویان بۆ دابین دەکرێت کە بژێوی رۆژانەیان و پێویستەکانیان پێدابین بکرێت! کەی وەکو چین و توێژەکانی تر پارچە زەوییەکی نیشتەجێ یا شوقەك یەك بۆیان دابین دەکرێت! کەی شوێنێکی تایبەتی تەرخان دەکرێت بۆ بێنەوایان لە کەمئەندامان!.

کەی کۆنفرانسێك دەبەسترێت لە کێشەو گرفت وداخوازییە بەپەلەیە لە کاتی دەگاتە بەردەست وچاوی کاربەدەستان و بەرپرسان و پسپۆران.

کەی جەماوەر بە چاوی مرۆڤانە سەیری کەمئەندام دەکات نەك بەچاوی بەزەیی هاتنەوە! ئەمانە هەمووی پرسیاران لە سیناریۆی رۆژانەی خانەوادەی کەمئەندامان کە پێویستیان بە وەڵامی بەپەلە وشیاو هەیە.

*** کارگێر لە کۆمەڵەی پاراستنی مافی بیرکۆڵەکان**

## فەرامۆش کردنی چالاکییەکانی کۆمەڵە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندن هۆی چییە؟

ئاشکرایە کە راگەیاندن ئاوێنەی میللەتەو پەیامی گەرانە و رووی راستەقینەیەو دەسەڵاتی چوارەمە لەهەموو حکومەتێکی یاسایی و دیموکراتی بەهەر سێ رووی (بینراو، بیستراو، نووسراو) بۆیە پێویستە لە ئاستی ئەو ئەرکە قورسە بن کە لەسەر شانیانە، بەڵام جێگای داخە ئەمرۆ لەو باودۆخە ئازادو زەمانی عەولەمەی کە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە هەندێك لە دەزگاکانی راگەیاندن کەمتەرخەمن وەکو پێویست کاری خۆیان ناکەن لە گواستنەوە پێشکەش کردنی ئەو کاروچالاکیانەی کە بۆ خزمەتی خەڵکی کوردستان دێتەئەنجامدان. ئێمە وەکو (کۆمەڵەی منداڵە تووشبووەکان بە نەخۆشی شەکرە) لەماوەی یەك ساڵ زیاتر لە ١٢ چالاکیمان ئەنجام داوە بۆ خزمەتی منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی شەکرە بیئەوەی گرنگییەکی بەچاو ببینرێ بۆ گواستنەوەی ئەو چالاکیانە کە دەتوانم بڵێم هاوشێوەی نەبووە لە کوردستان تاکو ئێستا سەرەرای بانگهێشت کردنیان بەبەردەوامی بۆ گەیاندنی ئەو چالاکییانە.

هیوادارین بەرپرسانی دەزگاکانی راگەیاندن پێداچوونەوەی پێویست بکەن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە.

**شەهلە حەسەن کەریم**
**سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵە تووشبووەکان بە نەخۆشی شەکرە**